# ڕاگەیاندنی پێکهاتنی کەمپەین بۆ ئازادی د . کەمال سەیدقادر

دکتۆر کەمال سەید قادر لە 26 / 10 / 2005 دا، لە شاری هەولێری ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەلایەن دەستەیەکی چەکدارەوە ڕفێندرا و بێسەرو شوێنکرا . هەروەک لە نامەکانی زیندانی د. کەمالدا باسکراوە، کردەوەی ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی د . کەمال بە فەرمانی لێپرساوی نووسینگەی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ( سداد بارزانی ) ئەنجامدراوە، بەڵام تا هەنوکە، نووسینگەی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان گوێی خۆی لەم کێشەیە کەڕکردووە . لەسەرەتادا، هیچ کەس و لایەنێک ئاگاداری ئەوە نەبوو کە د.کەمال لە چ شوێنێکدا دەستبەسەرە و بە فەرمانی کێ بێسەرو شوێنکراوە . لە ژێر گوشاری نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئازادیخوازی دەرەوەی کوردستاندا، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان (تەها بەرواری ) لە سوید، پاش دوو هەفتە ناچار کرا کە لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ ڕادیۆی هاوپشتیدا ددان بەوەدا بنێت کە د. کەمال لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە شوێنبزر کراوە و لەلای ئەو حیزبە دەسەڵاتدارە زیندانیکراوە .

لەیەکەم ڕۆژی ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی ( د. کەمال )ەوە، نووسەران، ڕۆشنبیران و خەڵکی ئازادیخوازی کورد لە ئەوروپا، ئەمریکا، ئوستراليا و کەنەدا، بەشێوەی جۆراو جۆر، لە کاناڵی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆرەوە، کەمپەینێکی نارەزایەتییان دژ بە کرداری ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی د. کەمال بەڕێخستووە و خوازیاری ئازادی بێ قەید و مەرجی ناوبراون، بەڵام دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، نەک هەر ڕێزی لە داوای نووسەران، ڕۆشنبیران و دانیشتوانی کوردی ئازادیخوازی ئەو وڵات و کیشوەرانە نەگرت و وەڵامی داخوازییەکەیانی نەدایەوە، بەڵکو لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە لە دادگایەکی کۆمیدیدا حوکمی 30 ساڵ زیندانی بەسەر د.کەمالدا سەپاند !. ئێمەش وەک بەشێک لە بزوێنەران و کەسانی چالاکی بەڕێخستنی کەمپەینی ئازادکردنی د. کەمال، بڕیارماندا کە درێژە بە کارو چالاکی خۆمان بدەین تا داخوازی ڕەوامان، کە بریتییە لە ئازادکردنی دەستبەجێ و بێ قەید و مەرجی د. کەمال، درێژە پێبدەین .

بە مەبەستی ڕێکخستنی نارەزایەتییەکی بەرفراوانتر لە سەرتاسەری دنیا و لە سەرتاسەری کوردستاندا، ئێمە ئەم کەمپەینەمان پێکهێنا تا گوشارێکی زیاتر بخەینە سەر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی بێ قەید و شەرت د. کەمال ئازاد بکات .

ئێمە سەرەڕای ئەوە کە ئەو حوکمەی بەسەر د. کەمالدا سەپێنراوە بە تەواوی ڕەتدەکەینەوە و دەیچوێنین بە بڕیارەکانی بە ناو سەرکردایەتی شۆڕشی ڕژێمی بەگۆڕسپێردراوی بەعس، لە هەمانکاتدا بڕوامان وایە کە ئەو جۆرە مامەڵەکردنانەی دەسەڵات لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورددا، هەروەک ئەومامەڵەیە وایە کە ڕژێمی بەعس لە گەڵ نووسەرانی ئازادیخوازی کورددیا دەکرد و ئەم کردەوانەش، ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و بە تایبەتیش نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد دەخاتە بەر هەڕەشەو مەترسییەوە . لێرەوە، ئێمە بوونی خۆمان وەک کۆمیتەیەک بۆ بەرگری لە ئازادکردنی بێ قەیدو شەرتی د. کەمال ڕادەگەیەنین و داواکارین لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی ناوەوەی کوردستانیش کە بەم کەمپەینەی ئێمەوە پەیوەست ببن .

کەمپەین بۆ ئازادی دکتۆر کەمال سەید قادر
کۆمیتەی سەرپەرشتی کار
2005 / 12/ 24
d.kamal@yahoo.com